www.kurdistannet.org
6-4-2007 15:13بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# عیشقێکی دێرین ... سەرکەوت مەجید




ئەو خەمەی لە ناخی منەوە هەڵدەقولێ، خەمێکە، ڕەگ درێژ... حەزێکە لە منالیمەوە لە گەڵ یەکەم وەشانی مزراحەوە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و هێشتا لە سەر زەرفی هیچ سینیەکدا نەگیرساوەتەوە...

بە تەمای هەناسەیەکی قووڵی بان خڕی خاسەیە. ئەها گوێ بدە جریوەی مەچیری ئاوە ڕوونەکانی ژێرو بانی بەردە ئاسنەکانی ئەم خڕە.

بە عەزرەتەوەم جارێ تر حەزم لە تکاچلغەوە دەرپەڕێ و لەگەڵ یەکەم زەردەخەنەی وورشی بانقاقمدا هەڵهەڵەی شادی هەڵبدات.. بۆ شۆرجەی حەسرەت.. هۆ شۆرجەی ئەلبێشکە و قوماتی باڵای توونج و تۆڵم، بمگرەوە باوەشت بەشکم نەتێڵی هەست بە بێنی خۆڵە پەتانێی غەریبی بکەم و حەمامە قولی خەونەکانم باڵا بکات و ئەو خۆڵە سویرەت لە تۆی کونەکانی بنەوەیدا دەستی من و دەستی کەنیشکە چڵمنە ناسکەکەی هاوسێمان پێک بگات و تێر تێر لێوی پەنجەی یەکتر بمژن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.